عێراق پێرۆشی خێی بە پتۆوکردنی پێوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بە دووپات دەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکا، ئەمە یەکشەممە پابەندبوونی خۆیان بە پتۆوکردنی پێوەندییە ستراتیژییەکان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بەغدا و واشنتۆن دووپاتکردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەع کەوتووە باویکردەوە،"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکا، و تاوتوێی پەرەپێدانی پێوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چەنیەتی پتۆوکردنیان لە بوارە جیاجیاکاندا کرد.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە سەرۆک وەزیران لە دیدارەکەدا جەخت لەسەر گرنگی پێوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان کردەوە، کە سوودی بە هەردوو گەلی دەست هەیە و ئاماژەی بەوەشکرد حکومەت پێشوازی لە هەموو هەوڵێک دەکات، بە سەقامگیرکردنی ئارامی لە ناوچەکە و پشتیوانی کردنی عێراق بە کەبوونەوە و دیالۆگەکان، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە گرژییەکان و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە عێراق بە بەردەوامی بەرەو بەدیهێنانی گەشەپێدانی گشتگیر و چاکسازی و شایستەکان هەنگاو دەنێت، و گرنگترینیان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانییە کە پابەندبوونی گەلی عێراق بە ڕێگای دێموکراسی دووپات دەکاتەوە.

لە لای خێیانەوە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکا کە بریتین لە بەڕێزان مایکل باومگارتنەر لە پارتی کۆماری و ئادەم سمیث و جەرج وایتساید و ویسلی بۆ و خاتوو سارا جاکۆبس لە پارتی دیموکرات، ئاماژەیان بە گرنگی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق کرد، وەک هاوبەشێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەردانەکەیاندا ستایشی ئەو سەرکەوتنانەیان کرد کە حکومەتی عێراق لە گەشەپێدان و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لە بوارە جیاوازەکاندا بەدەستیهێناوە.